# ئێواره

**شنۆ**

له ئێواره، که خۆر چاوەکانی هێمن هێمن لێك دەنێ/ لەو کاتەی که چۆلەکەکان نەغمەکانیان بۆ سەفەری بەهار دەڵێن/ لەو کاتەی وا دلۆپەی باران ماڵئاوایی له هەور دەکا/ چی بڵێم که تۆ گوڵی بەهاری و دەوەریت/ چی بڵێم که تۆ کانیاوی و وشك دەبیت/ چی بڵێم که تۆ شنەی فێنکی بەیانیانی و لێره دەڕۆی/ ئێوارەیەو خەیاڵی من بێ کۆتایه له دووری تۆ/ مردوەکانیش هەستانەوه، که چی تۆ هێشتا هەر نوستووی/ لوتکەی شاخ و بێ چرپەیی باڵندەکان/ ورده ورده دەمبەن بەرەو ئەوینی تۆ/ زۆر دەگمەنن ئەو ساتانەی من بەئاگام/ له دووری تۆ ماندووم ماندووم/ ئەی تۆ نەتوت ئەمن بەهاری عومری تۆم/ ئەی تۆ نەتوت من ئاوازی گۆرانیی تۆم/ ئەی بۆ ئێستا بە بێ دەنگی هێدی و هێمن ئاوا دەبیت.



**شێر و پڵینگ بوو به شەڕیان**
**به چنگ زگی یەکیان دڕی**
**کابرایەکی راوچی هات و**
**به خۆڕایی کەوڵی هەر دووکیانی کڕی**

**ن: سووزەنی**